# وتووێژەکانی پەکەکە بۆ بەئاکام ناگەن؟

سۆران کرماشانی

کێشیەی پەکەکە دەڵێی بۆتە گرێیەکی کوێر، کە بە دەستی هیچ کەس و لایەنێک ناکرێتەوە. جارجار شەڕو تەقەو ئاگربەس و وتووێژی بێ ئاکام، دوای ماوەیەک دیسان سەر لە نوێ شەڕو ئاگربەس و ... ئەم رەوتە بۆتە خولێکی بێ ئاکام، دەڵێی تەلیسمێک هەیە کە پێش بە چارەسەری کێشەکان دەگرێ. چەندین جار رێک لەو کاتەی کە وتووێژەکان بەرەو شوێنێک دەچوو کە رێگا چارەیەکی دیپلۆماتیک بۆ مەسەلەکە بدۆزرێتەوە تەقەیەک دەکراو ئاگربەستەکە بە شێوەی یەک لایەنە هەڵدەوەشایەوە، لێرەدا بە سێ نموونە ی ئاماژە دەکەم.

نموونەی یەکەم: ئەو کاتەی کە تورگوت ئۆزاڵ سەرکۆماری ئەوکاتی تورکیە رایگەیاند کە دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکا، ئۆجەلانیش ئاگربەستێکی یەک مانگەی بە شێوەی یەک لایەنە، راگەیاند. کە ئەو ئاگربەسە بە هەوڵی مام جەلال تاڵەبانی، بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کورد، درێژ کرایەوە. کەماڵ بورکای لەم پێوەندییەدا دەڵێ: " بەڵام بەداخەوە، ئۆجەلان کەسێک بوو لەژێر باندۆڕی ئەوانی تردا. ئەوکات لەژێر باندۆڕی سووریە دا بوو. بۆیە سەرم سوڕما لەوەی چەکەکان بێدەنگ بکرێن و بەچرپە لە تاڵەبانیم پرسی: مام جەلال چۆنە سووریە بەم ئاگربەستە رازییە؟ ئەمە چۆن رووی دا؟... لەوڵامدا پێی گوتم" تۆ بڵێی شتێکی وا رووی دابێ". هەڵبەت نەک تەنیا سووریا بەڵکو چینی عەسکەرتاری ناو تورکیاش لەو پرۆتۆکۆلەی ئێمە و ئاگربەستەکە رازی نەبوون ...دوابەدوای کوشتنی ئەو ٣٣ سەربازە ئاگربەست کۆتایی هات و بەم شێوەیە قۆناغی ئاشتی هەڵوەشایەوە. رژێمی میلیتاریستی هەناسەیەکی هاتەوە بەر...(من) لێم پرسی(لە ئۆجەلان) "کارێکی زۆر خراپ بوو. لەقۆناغی ئاگربەستدا بۆ وەها کارێکتان ئەنجامدا؟ بۆچی سەربازە بێ چەکەکانتان گوشباران کرد؟"، گوتی "وەڵاهی منیش ئاگادار نەبووم، بەڵام ناچار مام بیگرینە ئەستۆی خۆمان." رێک ئەم قسەیەی پێ گوتم... دەمزانی قسەکانی ئۆجەلان هەمووی راست نین".(میدیا نیوز) (دواتر تورگۆت ئۆزال بە شێوەیەکی گوماناوی مرد)/

نموونەی دووهەم: وتووێژەکانی ئەم دوایانەیە، لە کاتێکدا کە، پەکەکە چالاکی چەکداری راوەستاندبوو و ئۆجەلان لە ئیمرالی وتووێژی دەکردو تەنانەت رێبەرانی پەکەکە لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆروێژ لە گەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورک دانیشتنیان هەبوو، لە ناکاودا هەشت سەربازی تورک بە دەستی گریلاکانی پەکەکە کوژران و سەر لە نوێ شەڕێکی بێ ئاکام دەستی پێ کردەوە. ئەم هەڵوێستەی پەکەکە هاوکات بوو لە گەڵ گوشاری تورکیە بۆ سەر سوریە (هاوپەیمانی ئێستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی) کە بووە هۆی کەم بوونەوەی گۆشاری تورکیە بۆ سەر ئەم وڵاتە. بەڵام بە چ نرخێک؟ ئەو هەڵوێستەی پەکەکە بوو بە هۆی شەڕێکی گەورە لە کوردستان دا، کە قازانجی تەنیا بۆ داگیرکەرانی کوردستان و پەکەکە بە دواوە بوو.

نموونەی سێهەم: وتووێژی لقی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پەکەکە واتە پژاکە لە گەڵ ئێران. بە دوای شەڕێکی بێ ئاکام بۆ کوردو پڕ لە دەسکەوت بۆ رژیمی ئێران، لقی ڕۆژهەڵاتی پەکەکە ئاگربەستی راگەیاند. دوابە دوای ئەو ئاگربەستە، دکتۆر سەیدخان، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پژاك بە(ڕووداو)ی رایگەیاند "بە نێوبژیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگربەستمان بەرامبەر ئێران راگەیاند و هیوادارین ئێرانیش ئەو ئاگربەستە لەبەرچاوبگرێ و کێشەی کورد چارەسەر بکات، چونکە هەم ئێران و هەم کوردیش قازانج لەوە دەکات". لە بارەی دانیشتنی راستەوخۆیان لەگەڵ ئێران، پژاک رایگەیاند "بەڵێ دیداری راستەوخۆ هەبووە." بەڵام کونسولی گشتی ئێران، سەید عەزیم حوسێنی، لە هەولێر، ڕەتی کردەوە کە لە گەڵ پژاک دانیشتنی راستەو خۆیان هەبووبێ. هاوکات نازم دەباغیش (نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران) گوتی کە حکوومەتی هەرێم لە دانیشتنی پژاک و سوپای پاسداران ئامادە نەبووە. لە لایەکی دیکەوە یەکێ لە بەرپرسانی باڵای پەکەکە ( ئەحمەد دەنیز) بە بڵاوکراوەی ڕووداوی گوت: هاتنی ئێران بۆ چیای جاسووسان، بە ڕێککەوتنی نێوان پژاك و ئێران بووە!! ئەم ئاشتییە بە دوای هاتنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو ناوچەو گۆشار بۆ سەر حکوومەتی هەریم و هەروەها دامەزراندنی سیستەمی بەرگری مووشەکی ناتۆ لە تورکیە بوو!! لێرەدا پرسیارێکی گەورە لە سەر ئەو شەڕە دروست دەبێ و راستییەکان یەک لە دوای یەک، وەکوو خۆری پشت هەوری رەش، خۆ دەردەخەن.

بۆ شرۆڤەی ئەم باسە دەبێ ناسینێکی تارادەیەک مێژوویی و بنەماییمان لە سەر پەکەکە هەبێ، بۆ ئەو مەبەستەش ئاماژە بە چەند خاڵێک پێویستە:

*یەکەم، چۆنیەتی پیوەندییەکانی تورکیە لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ خۆی واتە سووریە، عێراق، روسیە و ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە لە تورکیەدا.

*دووهەم، شێوەی پێوەندی گرتنی پەکەکە بەو وڵاتانەوە.

پێوەندی نێوان سووریە-تورکیەو شێوەی پێوەندی گرتنی پەکەکە بە سوریەوە

پێوەندیەکانی نێوان ترکیەو سووریە هەر لە رابردووە تاکو ئێستا لە سەر دوو مەسەلەی گرینگ و سەرەکی، ئاڵۆزو کێشەدار بووە. ئەو دوو مەسەلەیە بریتین لە:

(1دابەش کردنی سەرچاوە ئاوییەکان: دوو روباری دیجلەو فورات لە نێو خاکی باکووری کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی تورکیەیە، سەرچاوکە دەگرن. فورات سەرچاوکەی سەرەکی ئاوی سوریە پێک دێنێ. کێشەی نیوان دوو دەوڵەت کاتێ بە زەقی خۆی نواند کە تورکیە لە دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ دا دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی "گاپ". کە بۆ ئەم مەبەستە دوو بەنداوی بە ناوەکانی "کبان" و" کاراکایا" بەست. لەو کاتەدا تورکیە بریاری دا کە ٥٠٠ متری سێجا لە چرکەیەکدا، ئاوی فورات، بدا بە سووریە. کە دواتر ئەم بریارە نەکەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بەڵام بەستنی بەنداوی "بیرجیک" بە مەبەستی بەرهەم هێنانی کارەبا لە سەر روباری فورات دۆخەکەی هێندەیتر ئاڵۆزتر کرد.

(2کێشە لە سەر ویلایەتی ئیسکەندەروون(هاتای یان ختای): بە دوای ئەوەدا کە لە ساڵی ١٩٣٦ سووریە و فەرانسە لە سەر سەربەخۆیی سووریە وتوێژیان کرد کە ویلایەتی ئیسکەندەرونیشی دەگرتەوە، تورکیە لەم بارەوە نیگەرانی خۆی بۆ تورکەکانی ئەو ویلایەتە دەربڕی. هەر بەم بۆنەوە تورکیە دژی فەرانسە لە کۆمەڵگەی نەتەوەکاندا (ئەوکات ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دانەمەزرابوو) شکایەتی کرد. لە ساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵگەی نەتەوەکان بڕیاری دا کە خۆدمۆختاری بدرێ بە ویلایەتی ئیسکەندەروون. بەڵام لە ساڵی ١٩٣٩ کە هاوکات بوو لە گەڵ دەسپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی، فەرانسە بە بۆنی ئەوەی کە تورکیە، بێ لایەنی خۆی لەو شەڕە ڕابگرێ و بەرەو لای ئاڵمانی نازی با نەداتەوە، ویلایەتی ئیسکەندەروونی خستە ناو سنوورەکانی ترکیەوە" ).مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین" ، ژێرژ لێنچافێسکی(

پێویستە بەوەش ئاماژە بکرێ کە بە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی، لە سووریەدا دەسەڵات کەوتە دەستی کەسانێک کە شێوەی بیرکردنەوەیان لە یەکیەتیی سوڤیەتەوە نزیک بوو و لە چوارچێوەی ناسیونالیزمی عەرەب و سوسیالیزم بیریان دەکردەوە ، واتە لە گەڵ بلوکی سوسیالیستی کە یەکیەتی سۆڤەت ڕێبەرایەتی دەکرد پێوەندی چڕوپڕیان بەست. بەڵام بە پێچەوانەی سووریە، تورکیە بوو بە ئەندامی ناتۆ واتە بوو بە هاوپەیمانی ئەمریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا. زاڵبوونی ئەم دوو شێوە بیرکردنەوە دژ بە یەکە، بوو بە هۆی دوور کەوتنەوەی زیاتری هەر دوو وڵات لە یەکتر کە بە فەرمی ناسینی ئیسرائیل لە لایەن تورکیەوە ئەم دۆخەی ئاڵۆزتر کرد.

لە ڕۆژی ١٢ی سێپتەمبری ساڵی ١٩٨٠دا کودەتایەکی سەربازی لە تورکیا ئەنجام درا .کە لە ئاکامدا بەهەزاران کەسی سڤیل کوژران و بە هەزاران کەسی دیکەش خرانە زیندانەکانەوە. هەروەها سەرجەم پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان داخران و ئەرتەش لە تورکیە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت. هەروەها لە هەموو تورکیا و باکووری کوردستاندا ڕەوشی نائاسایی ڕاگەیەندرا. بە دوای ئەو کودتایەدا ئۆجەلان و هاوڕێیانی، بە ئامانجی بووژاندنەوەی پەکەکە ڕۆشتن بۆ سووریە. بەڵام پرسیار ئەوەیە، لە نێوان سێ وڵاتی ئێران، عێراق و سووریە، بۆچی سووریە هەڵبژێردرا؟

سووریە لە نێو ئەو سێ وڵاتەدا هەروەک باس کرا، کێشەی جیددیتری، لە گەڵ تورکیە هەبوو و هاوکاتیش بنەمای فیکریی دەسەڵات داران و حیزبی دەسەڵات بە دەست، لە سووریە لە پەکەکە نێزیک بوو. جیا لەوە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سووریە چووکترین بەشی کوردستان بوو و ئەو کات حیزبێکی قەدەری تێدا نەبوو تا وەکوو ڕۆژهەڵات یان باشوور شۆڕشێک بەڕێوە ببات و ببێتە کێشە لە سەر ڕێگەی پەکەکە. بۆیە ئۆجەلان، بە لە بەر چاو گرتنی پێوەندی ئاڵۆزی نێوان سووریەو تورکیە ، سووریەی بۆ شوێنی بنکەکانی پەکەکە هەڵبژارد. سووریەش لەو بڕیارەی ئۆجەلان پێشوازی کرد، بە هیوای ساز کردنی کارتێکی بە هێز لە دژی تورکیە.

سووریە کە خۆی یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستانە، ترسی سەرهەڵدانێکی مافخوازانەی توندی لە لایەن کوردە نیشتە جێیەکانی، ئەو بەشەی کوردستان هەبوو. بۆیە بە هێزێک کە هاوکات جوڵانەوەی کوردی ئەو پارچەی، پێ کۆنترۆڵ بکاو لە بەرانبەر تورکیەش وەک کارت، بە کاری بێنێ پێویستی بوو. میشێل گۆنتێر دەڵێ: "جەمیل ئەسەد (

برای حافیز ئەسەد سەرۆکی سووریە) بەرپرسی پێوەندی گرتن لە گەڵ کوردەکان، لە گەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان پێوەندی گرت، سووریە بە دوای ئەوەدا بەرەبەرە رێگەی بە پەکەکە دا، لە نێو کوردەکانی سووریەدا تەشەنە بکات، بنکەی سەربازگیری و چەندین فێرگەی سیاسی و نیزامی بکاتەوە) ."لاپەڕەی ٢٦ - کوردەکان و داهاتووی تورکیە) ئۆجەلان لە کتێبی داستانی ژیانەوە کە وتووێژیکە لە گەڵ یالچین کچووک، لە بوونی شتێک بە ناوی کوردستانی بندەستی سووریە حاشا دەکاو وەک پەنابەر سەیری کوردەکانی ئەوێ دەکاو دەڵێ: "من بۆ ئەوە هاتووم کە جارێکی دیکە کوردەکان بگەڕێنمەوە شوێنی خۆیان کە باکووری کوردستانە" ئەم وتەیەی ئۆجەلان دەرخەری، راستییە تاڵەکانە .ئۆجەلان بە جێگای ئەوەی کە دژایەتی سووریەو تورکیە بە قازانجی کورد بقۆزێتەوە، وتەی رێبەرانی سوریەی پشتراست کردەوە کە دەڵێن کورد لە سووریەدا بوونی نیە.

هەموو ئەو هەڵە قەرەبوو نەکراوانەی پەکەکە، کە لە سووریە روویان دا، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ شێوەی پێوەندی گرتنی ئۆجەلان بە دەوڵەتی سووریەوە. مەبەستی من هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، چەندایەتی پێوەندییەکان نییە، بەڵکوو چۆنایەتی پێوەندییەکانە. ئەگینا هەموو هێزە کوردییەکان پێوەندییان لانی کەم، بە یەکێ لە وڵاتانی داگیرکەرەوە هەبووە. ئۆجەلان لە کاتی رۆشتن بۆ سووریە یەکڕاست پێوەندی بە دەزگای زانیاری سەربازیی سووریەوە دەگرێ. کەماڵ بۆرکای لە وتووێژ لە گەڵ رۆژنامەی تەرەف دەڵێ: "ئۆجەلان پێی گوتم: ئێمە سەرەتا پەیوەندییەکانمان لەڕێگەی دەزگای زانیاری سەربازییەوە بوو، پاشان گۆڕا بە جەمیل ئەسەد".(میدیانیوز (ئۆجەلان لە جیاتی ئەوە کە پێوەندی دیپلۆماسی و سیاسی، بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی، لە گەڵ دەزگای بەڕێوەبەری سوریا بگرێ، بە پێوەندی گرتن بە دەزگای زانیاری سەربازی، بوو بە بەشێک لە جێبەجێکەرانی بڕیارە ئەمنییەتییەکان دژ بە کوردی ئەو پارچەیە.

سەلاح بەدرەدین کەسایەتی ناسراوی، رۆژئاوای کوردستان، لە وتووێژ لە گەڵ ماڵپەری رێنیسانس، لە بارەی هەڵسووکەوتی پەکەکە ئاوا دەدوێ: "ئەو قۆناغەی کە پەکەکە دەستی بە خەبات کرد لە سووریا لە ڕێگای دەسەڵاتی سووریا هاتە نێو کوردستانی سووریا، ئەوکاتەی کە کوردەکانی سووریا دەهاتنە نێو شۆڕشی ئەیلوول لە دژی دەسەڵات بوو، ئەوە ڕاستیەکە کەس ناتوانێ ئینکاری بکات، ئەوانەی دەچوونە نێو ڕیزەکانی پەکەکە لە ڕێگای دەسەڵاتدارانی سووریاوە کار ئاسانیان بۆ دەکرا، هەرچەندە زۆربەیان مرۆڤیکی پاک بوون و نەتەوەیی بوون، بەڵام زۆربەیان لە ڕێگای دەزگاکانی ئاسایش و ئیستخباراتی سووریا ئاسانکارییان بۆدەکرا. ئەوکات سیاسەتی سووریا بەو شێوەیە بوو کە گەنجانی کورد و هەموویان بچنە نێو ڕێزەکانی پەکەکەوە، با بچنە سەر شاخەکان، بەڵام باسی سووریا نەکەن و لە ناو سووریادا هیچ کارێک نەکەن، لە دەرەوەی سووریا دەتوانن بە هەر شێوەیەک کە پێیانخۆشە کار بکەن. ئەوەش بەشێک لە تاکتیکی ئەمنیەتی دەوڵەتی سووریا بوو."

پەکەکە بە گرتنە پێشی ئەو سیاسەتە، ببووە کارتێکی گەورەی دەستی سووریە، بەڵام نە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵکوو بۆ گەیشتنی دەوڵەتی داگیرکەری سووریە بە ئاواتەکانی واتە بەشە ئاوی زۆر، ویلایەتی ئیسکەندەروون و سەرکوت و سڕینەوەی کورد لەو پارچەیە لە کوردستان. نموونە بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم راستییە ئەوەیە کە لە ساڵی ١٩٨٩ دەوڵەتی تورک رایگەیاند بە مەبەستی پڕ کردنی بەنداوی ئاتاتورک بە نیازە لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ ماوەی مانگێک

پێش بە هاتنی ئاوی فورات بۆ ناو خاکی سووریە بگرێ. لە ساڵی ١٩٩٠ فرۆکەیەکی فێرکاری سووریە، کە دزەی کردبووە ناو خاکی تورکیە لە لایەن هێزەکانی ئەو وڵاتەوە داخرا، کە لەو رووداوەدا ٥ کەسی سووری کۆژران. دواتر راگەیەندرا کە دزە کردنی ئەو فڕۆکەیە، هەر بە مەبەستی سەردەرهێنان لەو هەڕەشەیەی تورکیە بۆ بەستنی ئاوی روباری فورات بووە. دوا بە دوای ئەم کردەوەیەی تورکیە، لە ساڵی ١٩٩٠ حافیز ئەسەد سەرکۆماری ئەو کاتی سووریە، بەشداری لە رێورەسمی کۆتایی دەورەی کادرەکانی پەکەکەدا کرد. بەشداری سەرکۆماری سووریە لەو رێوڕەسمەدا، بە تایبەت لە ئاوەها دۆخێکدا، تەنیا نیشانەی رادەی بەستراوەیی پەکەکەیە، کە سووریە دەیدا بە نێو چاوانی تورکیەدا. دەنا چ سەرکۆمارێ (بێجگە لە ئەحمەدی نژاد کە لە رێورەسمی حیزب الله کە ئەویش کارتی رژیمی ئێرانە بەشداری دەکا) ئامادەیە لە رێورەسمی کۆتایی دەورەی کادری نیزامی پارتێکی دژبەری وڵاتێکی دیکە بەشدای بکا.

"لە ساڵی ١٩٨٧ تورگۆت ئۆزال سەرکۆماری ئەو کاتی تورکیە، سەردانی دیمەشقی کردو وتووێژەکانی دەسپێکردەوە، تەنیا ئاکامی پروتوکۆلی ١٩٨٧ کەم کردنەوەی کاتیی دژایەتییەکانی نێوان دوو وڵات بوو. سوورییەکان ئامادە نەبوون لەم برکەیەدا ئۆجەلان لە خاکی خۆیان وەدەر نێن، تەنیا ناردیانە دۆڵی بیقاع لە سنووری لۆبنان، یەکێ لە بەرپرسە باڵاکانی سووریە بە دوای واژۆ کردنی ئەو پروتۆکۆلە، وتی کە ئێمە بە ئۆجەلان ئیجازە دەدەین، لە گەڵ بەرپرسانی فەرمیی رووسیە (یەکیەتی سۆڤیەت) لە دیمەشق چاو پێکەوتن بکات. لەو کاتەدا سووریە تا ساڵێ ١٩٩١ درێژەی بە یارمەتی دانی پەکەکە دا، کە تورکیەش لە بەرانبەردا، رێژەی هاتنی ئاوی فوراتی بۆ ناو سووریە کەم کردەوە". (کوردەکان و داهاتوی تورکیە- میشێل گۆنتێر(

دوای ئەم رووداوە، سووریە کەوتە ژێر گوشاری تورکیەو تەنانەت تورکیە هەڕەشەی شەڕی لە سووریە کرد. تورکیە هەزاران کەس لە هێزەکانی لە سەر سنووری تورکیە-سووریە مۆڵ دا. سووریەش هێزەکانی لە ٣٠-٤٠ کیلومیتری سنوور مۆڵ داو ٣٦ دانە مووشەکی رووبە خاکی تورکیە لە ٥٥ کیلومیتری سنووردا دانا. لەم کاتەدا، دەوڵەتە عەرەبییەکان لە سووریە پشتیبانییان نەکرد، بەڵام بە نێوبژیوانی حۆسنی موبارەک سەرکۆماری ئەوکاتی میسر، هەر دوو دەوڵەت لە شاری جەیحان بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی نێوانیان کۆ بوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سووریە لە بەرانبەر ئاوی فورات لە سەر دەرکردنی ئۆجەلان لە خاکی خۆی، لە گەڵ تورکیە مامەڵەی کرد. ئەو کۆبوونەوەیە دواتر ناوبانگی "گرێبەستی جەیحان"ی دەرکرد.

بە دوای گرێبەستی جەیحان، سووریە نەیتوانی لەوە زیاتر لە بەرانبەر تورکیەدا رابوەستێ، بۆیە ئۆجەلانی لەو وڵاتە دەرکردو بنکەکانی پەکەکەیشی هەڵپێچا. چون ئەرتەشی سووریە، لە بەرانبەر ئەرتەشی تورکیە کە ساڵانێک بوو ئەندامی ناتو بوو و بە چەکی زۆر پێشکەوتووتر لە ئەرتەشی سووریە تەیار بوو، نەیدەتوانی رابوەستێت، بە تایبەت کە وڵاتانی عەرەبی بێجگە لە ئۆردون، داواکاری سووریەیان بۆ یارمەتی، رەت کردبووەوە. پەکەکە دوای گرێبەستی جەیحان، بەرەو رۆژهەڵاتی کوردستان واتە کوردستانی بندەستی ئێران هات .ئێرانیش دۆستی ئێستراتێژیکی سووریەو رووسیە بوو و بەرژەوەندی هاوبەشی هەموویان لە هەبوون و مانەوەی پەکەکەدا بوو، بۆیە نە تانیا لە هاتنی پەکەکە پێشوازی کرد، بەڵکوو هیچ چەشنە ئاستەنگ و گیروگرفتێکی، لە بەردەم پەکەکەدا، دا نەناو مەیدانی بۆ پەکەکە ئاوەڵا کرد. تەنانەت وەزارەتی ئێرشادی ئیسلامی ئێران، هەموو کتێبەکانی ئۆجەلان و پەکەکەو لایەنگرانیانی، بۆ لە چاپدان، تەیید کردو بە

شێوەیەکی بەربڵاو و بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئەدەبیاتی پەکەکە لە سەرانسەری کوردستان بڵاو کرایەوە. سیاسەتێک کە پێشتر بە هێندێ جیاوازییەوە لە سووریەدا لە بەرانبەر پەکەکەدا، گیرا بوو.

پێوەندی نێوان عێراق-تورکیەو هەڵسوکەوتی پەکەکە

ئەو کێشەیە کە لە سەر دابەشکردنی ئاو لە گەڵ سوریە باسم کرد هەر لە پێوەندی نێوان تورکیەو عێراقیشدا هەیە. "روبارەکانی دیجلەو فورات ٨٥ لە سەدی پێداویستی ئاوی عێراق دابین دەکەن. بۆیە ئەم دوو رووبارە بۆ عێراق رۆڵێکی ئێستراتێژیکیان هەیەو لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی ئاوی ئەو رووبارانە کێشەیەکی هەمیشەیی لە نێوان تورکیەو عێراقدا هەیە." (کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناڤین، مارک ویلێر (

جگە لە کێشەی ئاو،تورکیەی نوێ هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، کەرکوک و مووسڵی بە بەشیک لە خاکی خۆی زانیوە. هەڵوێستی تورکیە لە شەڕی یەکەمی کەنداوو پشتیوانی لە ئەمریکاو هاوپەیمانانی، بە تایبەتی دانانی بنکەی نیزامی ئینجێرلیک پێوەندی نێوان هەر دوو وڵاتی ئاڵۆز کرد. پێویست بە ئاماژە کردنە کە دەسەڵاتی بەعسی عێراقیش هەر وەک سوریە بنەمای فکری لە سەر ناسیونالیزمی عەرەب و سوسیالیزم دانرا بوو. بەڵام تورکیە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ دا بە تەواوی ببووە ئەندامی ناتو و ئیسرائیلیشی بە فەرمی ناسیبوو. ئێستاش دوای روخانی رژیمی بەعس کێشەکان هەر لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا بەردەوامن، بۆ نموونە کێشەی ئاوو دەستێوەردانی تورکیە لە بارودۆخی نێوخۆیی عێراق لە رێگەی تورکمانەکانی موسل و کەرکووکەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لەو چەند ساڵەی پێش لە دەرکردنی ئۆجەلان لە سووریە، پەکەکە لە کاتی شەڕی نێوخۆیی باشووری کوردستاندا، لە کۆتاییەکانی تەمەنی رژیمی بەعسدا، لە گەڵ پارتی دێمۆکراتی کوردستان و دوای گیرانی ئۆجەلانیش لە گەڵ یەکیەتی نیشتمانی کوردستان دەرگیری شەڕێکی توند بوو. نزار خزرجی سەرۆک ئەرکانی پێشووی عێراق لە وتوویژ لە گەڵ "غسان شربل"دا لە وەڵامی پرسیارێک لە سەر یارمەتیدانی پەکەکە لە لایەن سەددامەوە، دەڵێ: " بەڵێ. بە چەك و دارایی کۆمەکی(پەکەکەی) دەکرد، هەروەها کۆمەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کورد و کۆمەڵەیەکی بچووکی کوردیشی دەکرد. ئەو ٢٥٠ ملیۆنەی تورکەکان لەگەڵ ئۆجەلاندا گرتیان، سەرچاوەکەی عێراق بوو". پێویستە بگوترێ کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەو کاتەدا ویستی ئاژاوە بنێتەوە، بەڵام یەکیەتی نیشتمانی هەر زوو هەستی بەوە کردو بنکەو بارەگاکانی هەڵپێچاند. شەڕەی پەکەکە لە گەڵ ی.ن.ک و پ.د.ک، دەگەڕێتەوە بۆ شکست پێهێنانی ئەزموونی باشووری کوردستان.

هاتنی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین و هێز گرتنی پەکەکە

لێرەدا شتێکی گرینگ کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەیە، کە بە دوای شەڕی کەنداودا باشووری کوردستان بە پاڵپشتی ئەمریکا، ئازاد کراو لە تورکیە بنکەیەکی سەربازی بۆ پاراستنی باشووری کوردستان کرایەوە. دۆستایەتی کوردەکانی باشوور لە گەڵ ئەمریکاو پێدانی رۆڵی گرینگ بە تورکیە، دۆخەکەی بە قازانجی بەرەی رۆژئاوا شکاندبووەوە. هاوکات سوریە، عێراق و ئێران لە گەڵ رووسیە وەک دۆستی هەر سێ لایەن بەرژەوەندی خۆیان

لە مەترسیدا دەدی. ئەو دەوڵەتانە نەیاندەویست لە پلەی یەکەمدا کورد بە تەواوی بە لای ئەمریکادا بشکێتەوە. لە پلەی دووهەمیشدا نەیاندەویست ئەزموونی باشووری کوردستان سەرکەوتوو بێ. چوون دژی ئەمریکا بوون و هاوکات ترسی راپەرینێکی هاوشێوەیان لە کوردستانی بندەسی خۆیان هەبوو.

ئەو وڵاتانە کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن، لە نێو کوردەکاندا هێزێکیان پێویست بوو کە لە بەرانبەر هێزەکانی کوردستاندا زەقی بکەنەوە. ئەم هێزە دەبوو خاونی تایبەتمەندیگەلێکی جیاواز لە گەڵ باقی هێزەکانی کوردستان بێ. باشترین هێز هەر خۆدی پەکەکە بوو. پەکەکە ریکخراوێکی چەپ بوو کە درۆشمی سەربەخۆیی بۆ هەر چوار پارچە هەڵگرتبوو. دروشمێک کە هەر وەک دواتر لە وتەکانی ئۆجەلان و پاشەکشەکانی پەکەکەدا دەرکەوت، پیلانێک بۆ هەڵخەڵەتاندنی کورد بوو. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە وڵاتانی خاون بەرژەوەندی لە ناوچەکە، بۆ بەهێزتر کردنی پەکەکە، بۆ ئەوەی کە پرۆژەکەیان بەهێزتر بێ، یارمەتییەکی بەبڵاوی ماڵی و لۆجێستیکییان خستە خزمەتی پەکەکە. بە شێوەیەک کە توانی کاناڵێکی تەلەفزیۆنی دابمەزرێنێ. تا باشتر بتوانێ هێژمۆنی خۆی لە هەر چوار پارچەدا، بە سەر پارتە کوردە دژبەرەکانی سووریە، عێراق و ئێران، بسەپێنێ و ببێ بە، بەهێزترین حیزبی کوردستانی. کە ئەمیش بۆ ئەو مەبەستە بوو کە لە لایەکەوە شۆڕشی ئەو پارچانە بە کەڵک وەرگرتن لە پەکەکە بە لاڕێدا بەرن و لە لایەکیترەوە هیچ حیزبێک نەتوانێ لە بەرانبەر پەکەکەوە کە حافیزی بەرژەوەندییەکانیان بوو، رابوەستێ. بۆیە بەرژەوەندی دەوڵەتانی رووسیە،عێراق، سووریە و ئێران لە بە هێزی و مانەوەی پەکەکەدا بوو.

بە دامەزراندنی ئەو کاناڵە ئاسمانیە، پەکەکە کە دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی هەڵگرتبوو، پەلی کێشا بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان. نەتەوەی کورد کە بە درێژایی مێژوو هەر ژێردەست بووە، دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ گەورەترین ئاواتییە، بۆیە پەکەکە هەر وەک ئۆجەلان لە داستانی ژیانەوەدا دەڵێ: "هیچ کەس وەک من ناتوانێ بڕواتە نا مێشکی کوردانەوە" لە باری دەروونییەوە ئاواتی کوردی ناسیبوو و ئەو ئاواتە پیرۆزەی گرتە خزمەتی سیاسەتێک کە نە تەنیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا بوو. نەبوونی بڕوا بە سەربەخۆیی لە دوای گرتنی ئۆجەلان و دادگایی کردنیدا و پاشگەز بوونەوە لە دروشمی سەربەخۆیی، ڕەزایەت دانی رێبەرانی پەکەکە بە تێکۆشان لە چوار چێوەی کۆماری تورکیەدا ئەو راستییەی دەر خست. بۆیە سەر لە نوێ ئاواتی کوردان بۆ سەربەخۆیی کورستان، بوو بە بڵقی سەر ئاوو سەر لە نوێ لە باری دەروونییەوە تێکشکایەوە. ئەمڕۆ بە لێکدانەوەی بەڵگەکان و داخوازییەکانی پەکەکەی دوای ئۆجەلان و ئۆجەلانی دوای دەستگیرکرانی، ئەو کڵاوە گەورەی کە هێزەکانی ناوچە بە یارمەتی پەکەکە لە سەر کوردیان نا، بۆمان دەردەکەوێ.

پێوەندی نێوان ئێران- تورکیە و قازانجی پەکەکە بۆ ئێران

تورکیەو ئێران کە تا سەردەمی شۆڕشی ۱۹۷۹ گەلانی ئێران، ئەندامی پەیمانی سێنتو بوون، کە لە بەرانبەری تەشەنەی کۆمۆنیزمدا دامەزرابوو. دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێران لەو پەیمانە هاتە دەرەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر بنەمای ئیدئۆلۆژی ئیسلامی دامەزرابوو و هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە،

ناردنەدەرەوەی شۆڕشی وەک ئامانجێک بۆ خۆی دیاری کرد، لە گەڵ رژیمی لاییکی تورکیە پێوەندییەکانیان بەرەو ساردو سڕی رۆشت، چون تورکیە نیگەرانی نفووزی ئێران لە نێو لایەنە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە بوو. بە هەمان شێوە ئێران کە رێژەیەکی زۆر تورکی تێدا دەژی، بەردەوام ترسی لە دەستێوەردانی تورکیە هەبووەو هەیە. جیا لەوانە کۆماری ئیسلامی کە ئیسرائیل و ئەمریکا بە دوژمنی پلە یەکی خۆی دەزانێ، تورکیە لە گەڵ هەردووکیان هاوپەیمانە. بە دوای شەڕی کەنداودا ئەمریکا بنکەی نیزامی لە تورکیە دانا، کە ئێران ئەمەی بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێ. هەروەها ئێران چەندین جار نارەزایەتی خۆی بەرانبەر بە تێکۆشانی رێکخراوی موجاهێدینی خەڵکی ئێران لە تورکیە دەربریوە.

دوو فاکتوری دیکە لە کوتاییەکانی سەدەی ٢٠ بەرەو ئەم لا هاتوونەتە گۆڕێ. یەک لەو فاکتورانە هەوڵی ئێران بۆ دەسپێراگەیشتن بە چەکی ناوکییە، کە تورکیە سەد لە سەد دژی بەرنامەی ناوکی ئێرانە، چون مۆعادیلەکان لە ناوچە لە ئەگەری دەسپێراگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، بە لە بەر چاو گرتنی، کەوانی شیعەنشینی رۆژهەڵاتی ناوین کە لە پاکیستان، بەحرەین و ئەفغانیستانەوە دەس پێدەکات تا لوبنان، بە قازانجی ئێران دەشکێتەوە .دووهەمین فاکتۆر هاتنە سەرکاری ئیسلامییەکان لە تورکیەدایە. دوای ئەو گورانکارییە، کۆماری ئیسلامی ترسی لێ نیشت کە ئیسلامی نەرمرۆی تورکیە جێگە بە ئیسلامی تۆندئاژۆی ئێران لە ناچەدا، لێژ بکا. پێویست بە ئاماژەیە کە لە راپەرینەکانی گەلانی سوریە دژی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، تورکیە راستەوخۆ پشتگیری لە دژبەرانی بەشار ئەسەد (هاوپەیمانی ئێستراتێژیکی ئێران) دەکا. لەم نێوەشدا ئاماژە بە دامەزراندنی سیستەمی بەرگری مووشەکی ناتو لە تورکیە،کە بۆتە هۆی نیگەرانی ئێران پێویستە.

کۆماری ئیسلامی کە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە، بۆ شکاندنەوەی باری سیاسی ناوچەکە بۆ لای خۆی، کۆنترۆڵ کردن و گۆشار خستنە سەر تورکیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کۆنترۆڵ کردنی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، پەکەکەی گرتە خزمەت خۆی. پەکەکە کە بە دوای گرتنی عەبدوڵا ئۆجەلانداو هەڵپێچرانی بنکەکانی لە سووریە، بە هۆی ئەو شەڕە خوێناویە کە لە گەڵ پارتەکانی باشووردا کردی، تەنیا جێگایەک کە بۆ خۆی هێشتبوویەوە باوشی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام پەکەکە سەیر ئەوە بوو کە لە نێو خەڵکی ئاساییدا خۆی وەک ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی بە خەڵک دەناساند. لەم بارەیەوە، عۆسمان جەعفەری کادری پایەبڵندی پەکەکەو سکرتێری ئێستای یەکیەتی دیمۆکراتی کوردستان، لە وتوویژ لە گەڵ رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ١٣٥ دەڵێ: "پەکەکە لە جوغرافیایەکی وادا خەباتی دەکرد کە زۆربەی لە سنووری ئێرانەوە قەراری گرتبوو. وە ئەو هاوسنگییە لە ناوچەکەدا هەر رۆژ دەهات و دەچوو وای لە پەکەکە دەکرد کە هیچ رێگایەک بۆ ئەو نەمێنێتەوە بە غەیری ئێران نەبێت، ئیرانیش دەستێکی توانای هەبوو لە تواندنەوەی حیزبە کوردییەکاندا، زۆر حیزبی پاسیڤ کردبوو، توانی پەکەکە بخاتە ژێر سیاسەتی خۆیەوە"...

ئەوکات شەڕی چەکداری حیزبەکانی رۆژهەڵات کوتایی پێ هاتبوو، هەروەها هەر چەشنە تێکۆشانێکیشیان بە توندی سەرکوت دەکرا. بەڵام پەکەکە چەند خاڵی بە چاکی بۆ خۆی قوستەوە. بۆ نموونە، نەبوونی هیچ چەشنە زانیارییەک لە سەر پەکەکەو سیاسەتەکانی پەکەکە لە نێو خەڵکدا لە رۆژهەڵات، ئازاد بوونی کتێب و ئەدەبیاتی پەکەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، باس کردنی پەیتا پەیتای میدیاکانی کۆماری ئیسلامی لە پەکەکە، هەبوونی کاناڵێکی ئاسمانی کوردی، ئازادی هەڵسووڕانی کادرەکانی پەکەکە لە رۆژهەڵات و هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی، بوو بە هۆی راکێشانی سەرنجی

هێندێک لاوی بە هەست و شۆڕشگێڕ بۆ لای پەکەکە، بە بێ ئەوەی چووکترین زانیارییان لە سەر ناوەرۆکی سیاسەتەکانی پەکەکە هەبێ.

پەکەکە بۆ دەرباز بوون لە لیستەی تێرۆری رۆژئاوا چەندین جار ناوی گۆڕا .بەڵام کێشەکەی بۆ چارەسەر نەکرا. هەروەها بە هۆی قەیرانی فیکری کە لە ئاکامی پاشەکشەی ئۆجەلان و باقی رێبەرانی پەکەکە لە دروشمی سەربەخۆیی، پێک هاتبوو، سیاسەتێکی تری گرتە پێش، ئەویش پێکهێنانی لق و پۆپ بۆ پارچەکانیتری کوردستان بوو. ئەم سیاسەتە نوێیە بۆ پێش گرتن بە لەت و پەت بوونی پەکەکە بوو. جیا لە قیرانی فکری، وەگەڕ خستنی دیپلۆماسی لە گەڵ دنیای دەرەوە لە رێگەی ئەو لق و پۆپانەوە، کۆ کردنەوەی چەکداری زیاتر و ئیمتیاز وەرگرتن لە داگیرکەرانی کوردستان بە بۆنی کۆنترۆڵ کردنی شۆڕشی پارچەکانیتر لە رێگەی ئەو لق و پۆپانەی خۆیەوە.

لێرەدا پەکەکە ئەو هەڵەیەی وا لە سووریە تووشی بوو، لە ئێران دووپاتی کردەوەو بوو بە کارتی دەستی رژیمی ئێران. لە لایەکەوە پژاکی دامەزراند بۆ دەستێوەردان لە کاروباری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لەیەکی دیکەوە پێوەندی لە گەڵ ئێران دامەزراند .لەم بارەوە موراد قارایڵان لە وتووێژلە گەڵ بی.بی.سی. دانی بە هەبوونی پێوەندی نێوان پەکەکەو کۆماری ئیسلامیدا نا. لە لایەکی دیکەوە، شەماڵ بەشیری نوێنەری لقی رۆژهەڵاتی پەکەکە لە ئۆرووپا لە وتووێژ لە گەڵ ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ دەڵێ: "زۆربەی لاوانی خۆرهەڵاتی کوردستان کە دێنە ناو ریزەکانی پژاکەوە دەنێردرێنە ناو ریزەکانی هێزی پاراستنی گەل تا لە بەرەکانی شەڕی دژی سوپای تورکیەدا شەڕ بکەن". هەر ئەو سیناریویە وا لە سووریە جێبەجێ کرا. بەڵام لە کاتی پێکهاتنی پژاک، بنکەکانی پەکەکە لە خاکی ئێراندا بوون، هۆی ئەوەی کە ئێران دروست کردنی پژاکی لە لایەن پەکەکەوە پێ قبووڵ کرا، دەگەڕایەوە بۆ:

خاڵی کردنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی شۆڕشگێرو کارامە و بە فیرۆ دانی لە تورکیە، گۆشار هێنانی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان، بە ئاڵترناتیڤ کردنی پژاک وەک هێزێکی گوێ لە مست بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات، سەرکوتی ساناتری جووڵانەوەی مەدەنی کە بە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی چەکداری هێزەکانی رۆژهەڵات پێکهاتبوو، خواستی رژیم لە ناسینی جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک جووڵانەوەیەکی تێرۆریست هاو چەشنی پەکەکە لە دنیای دەرەوە. ئەم خواستانەی رژیم بە تایبەتی لە شڕی ئەم دوایە کە بە شەڕی قەندیل ناسرا دەرکەوت. لە لایەکەوە رژیمی ئێران رۆژانە بۆ جێگیر کردنی ناوی پژاک لە زەینی خەڵکدا پەیتا پەیتا ناوی دەهێنا، لە لایەکی دیکەوە لقی رۆژهەڵاتی پەکەکەش بە دەرکردنی دوو ژمارە لە گۆڤاری "ئاڵترناتیو" کە بە توندی هێرشی کردبووە سەر پارتە کانی رۆژهەڵاتی کوردستان، سیاسەتەکانی رژیمیان بە باشی جێبەجێ کرد. خاڵێکی زۆر گرینگی دیکە ئەوەیە کە بە رەزامەندی پەکەکە- پژاک کۆماری ئیسلامی لە چیای جاسوسان بنکەی دانا، تا باشتر بتوانێ هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکا. هەر وەک موراد قەرەیلان بەرپرسی کەجەکە لە وتووێژ لە گەڵ ئاژانسی هەواڵنێری فورات دەڵێ:" دوای ئەوەی کە هێزەکانی پەکەکە لە شوێنی پێشووی پژاک جێگیر بوون، بۆ پێشگرتن بە دەسپێکردنەوەی شەڕ بەرزاییەکانی جاسووسانمان دا بە هێزەکانی ئێران." ئەحمەد دەنیزیش پێشتر ئەم شتانەی لە گەڵ رووداو باس کردوە.

پێوەندی نێوان رووسیە- تورکیە

به دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و دابەشبوونی دنیا بە سەر دوو بلوکی کاپیتالیزم و سوسیالیزم، تورکیە هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد بەرەو بلوکی کاپیتالیزم شکایەوە. تورکیە لە هەر دوو پەیمانی ناتو و سێنتو بەشدار بوو، کە بەشێک بوون لە پشتوێنی ئەمنییەتی رۆژئاوا کە بە دەور یەکیەتی سوڤیەتدا، کێشابووی بۆ پێشگرتن بە تەشەنە کردنی کمۆنیزم. کە ئەم هەڵوێستەی تورکیە، بە توندی سێبەری خستبووە سەر پێوەندییەکانی تورکیە و یەکیەتی سوڤیەت. بە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سوڤیەت و هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین ئەم دژایەتییە بە شێوەیەکی دیکە درێژەی پێدرا.

دوای هاتنی ئەمریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین و پشتیوانی پارتە کوردییەکان لە ئەمریکاو وڵاتانی رۆژئاوا، رووسیە وەک هێزێک کە بە شێوەی سوننەتی پشتیوانی لە وڵاتانی سووریە، عێراق و ئێران دەکرد، بەرژەوەندییەکانی خۆی لە مەترسیدا دی، جیا لەوە تورکیە بە دوای رۆخانی یەکیەتی سوڤیەت، پێوەندی سیاسی و ئابووری خۆی لە گەڵ وڵاتانی ناوچە ئێستراتێژیکەکانی قەفقازو باڵکان، رۆژ بە رۆژ پەرە پێ دەدا. لە رابردوودا، ئەم ناوچانە، بە شێوەیەکی سوننەتی لە ژێر کاریگەری و هێژمۆنی رووسەکان بوون و رووسیە بە هیچ شێوەیەک حەزی لە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی تورکیە لەو ناوچانە نەبوو. بۆیە رووسیە بۆ گۆشار هێنان بۆ تورکیە، بوو بە یەکێک لە پشتیوانانی پەکەکەو لە باری چەک و چۆڵ و ماڵییەوە پەکەکەی پشتیبانی دەکرد. بەڵگەکانی دەرکەوتو لە ویکیلیکس ئەو یارمەتی دانانەی رووسیەی، پشتراست کردۆتەوە کە رووسیە یارمەتی پەکەکە ئەدات و لە باری لوجێستیکییەوە دابینی دەکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە "سوانتە کۆرنێل"ی سویدی پسپۆڕ لە بواری ئاسایشدا لەمبارەوە دەڵێ: " لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠دا، یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری لە پەکەکە کردوە". کەوابوو دەر دەکەوێ پەکەکە هەر لە سەردەمی شەڕی ساردەوە پێوەندییەکی پتەوی لە گەڵ ئەو وڵاتە بووە. واتە لە سەرەتای دامەزرانییەوە. پێوەندی لەم چەشنە بۆ پارتێک لە کاتی شۆڕشدا باشە، بەڵام بە داخەوە رووسیە وەک کارتی فشار لە پەکەکە کەڵکی وەرگرتووەو پێ خۆش نەبووە کە پەکەکە قەد لە گەڵ تورکیە رێک بکەوێ، چوون رێککەوتنی پەکەکە لە گەڵ تورکیە بە مانای لە دەس چوونی کارتی گۆشاری رووسیەیە.

هەر وەک لە سەرەتاوە باسم کرد کەس ناتوانێ حاشا لە بوونی پێوەندی نێوان پارتە کوردستانییەکان لە گەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دا بکا، چون هەڵکەوتەی جوغرافیایی کوردستان و شێوە خەباتی کورد وا دارێژراوە کە ئەو پێوەندییانە شتێکی داسەپاو بووە. بەس تەنیا شتێ کە مەحکوومە شێوەی پێوەندی گرتنەکەیە. ئەو شێوە پێوەندی گرتنە مەحکوومە کە حیزبێک لە سەر حیسابی پارچەیەک و بۆ بەلاڕێدا بردنی خەباتی ئەو پارچەیە لە گەڵ داگیرکەردا سازا بێ. یان ئەوەی کە تەنیا بۆ مانەوەی خۆی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی کردبێتە قوربانیی بەرژەوەندی وڵاتانێک وەکوو رووسیە. بۆیە دەبێ بەرژەوەندی نەتەوەیی لە گرتنی پێوەندی لە گەڵ هەر کام لەو رژیمانە لە بەر چاو بگیردرێ.

بە سەرێنجدان بە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی کە لە سەرەوە باسم کرد، ئەستەمە شەڕی پەکەکە، بەم زوانە کۆتایی بێت، چونکە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە لە بەردەوام بوونی شەڕەکەدایە نەک تەواو بوونی. تەواو بوونی شەڕ بە واتای دۆڕانی ئەو وڵاتانەیە. کەوابوو شەڕی پەکەکە تەنیا شەڕی حیزبێکی تەنیا نیە، بەڵکوو شەڕی چەندین وڵاتە دژی تورکیە کە لە سەر حیسابی کورد دەکرێ. ئەم شەڕە نە تەنیا بۆ سەربەخۆیی کوردستان یان گەیشتنی کورد بە مافەکانی نیە، بەڵکوو بۆ

دابین بوونی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانەی پشتیبانی پەکەکەیە .چونکە ئەو وڵاتانەی وەکوو ئێران، سووریەو عێراق کە پشتیوانی پەکەکەن، دژی هەر چەشنە، مافێکی کوردن. تەنانەت هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، بەشێک لەو پشتیبانییە کە ئەو وڵاتانە لە پەکەکەی دەکەن بۆ بە لاڕێدا بردنی بزووتنەوەی کورد، لەو پارچانەی بندەستی خۆیانە. بۆیە کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی دوو رێگەی لە بەردەمدایە، یەکەم ئەوەیە کە پەکەکە، پێداچوونەوەیەکی بنەمایی بە سیاسەتەکانیدا بکاتەوە بەرژەوەندی کورد بخاتە سەروی هەموو بەرژەوەندییەکەوە. دووهەم ئەگەر پەکەکە وای نەکرد دەبێ کورد بە شێوەیەکی جیددی تێبکۆشێ بۆ پێکهێنانی ئاڵتێرناتیوێکی دیکە بۆ پەکەکە.

سۆران کرماشانی

سەرچاوە: پێشمەرگەکان